# گوڵەوەچنییەک لە تێڕامانەکانی ئەکرەم عەلی



... ئاخۆ دوایاریی فتبۆڵی جامی جیهان لە پاریس چەندە بۆ سوپای لەبننەهاتووی منداڵانی لانەوازی (ڕیودۆجانیرۆ) گرنگ بوو؟ ئەو منداڵانەی شەوانە لەناو کارتۆنی بەتاڵدا ڕۆژ دەکەنەوە و لە ترسی ئەوەی نەبادا لە پەناوە پۆلیس بیانکوژێت تا بەیانی ئێشکی یەکتر دەگرن.

... خۆشەویستی، لە ڕۆژهەڵات، کاراسکێکی برسیی نوقمی باروت و شەڵاڵی خوێنە، وەکوو مووی سمێڵ و شەرەفی پیاوانی خێڵ زبرە. بەقەد پەردەی کچێنی تەنکە. لە ڕۆژئاواش، پەیکەرێکی مێوی ناو مۆزەخانەکانی (مادام توساد)ە. لە عەنتیکەخانەکاندا وەکوو مۆرس و شەمەندەفەری هەڵم، دەستە دەستە، قوتابیی سەرەتایی و باخچەی ساوایان دێننە سەری.

... لە جیهانێکدا کە گوایا لە گۆڕاندایە و خەریکی وەرگرتنی فۆڕمێکی سیاسیی تازەیە، لە جیهانێکدا کە (دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ) ڕۆژی ملیۆنان جار کاوێژ دەکرێنەوە، هێشتا ڕۆژانە هەر خاوەن پارەیە و ڕەنجی هەژار دەدزێت، هەر سیستێمی کۆمەڵایەتییە و ئەندامانی کۆمەڵگاکەی دەکاتە کۆیلە، هەر حکوومەتە و هاوولاتیی خۆی تالانفرۆش دەکات، هەر ولاتی پێشکەوتووی زلحۆرتە و ئابووریی ولاتی هەژار بە پەڕ و باڵەوە داڵقووت دەکات.

... هەستکردن بە (پیر)بوون و لاوازبوونی زەین و خۆ بە خدری زیندە و سوپەرمان نەزانین، خەسڵەتی ئینسانن. دیکتاتۆر هەیە هەرچەند مانگێک جارێک خوێنەکەی خۆی دەگۆڕێت، کەچی ئامادە نییە خوێنی وەکوو قەتران ڕەشی دەسەڵاتدارییەکەی، یان پارتە دەسەڵاتدارەکەی، بگۆڕدرێت. ئەو بەڵایانەی دیکتاتۆریەت و (سەرۆکی پێشەوا) و (پارتیی پێشەوا) بەسەر خۆیان و گەلەکەیاندا دەهێنن تەنیا بە دواکەوتن و بە پەراوێزبوون ناشکێنەوە، زۆرجار بە هەرەسهێنان و لەناوچوونی خۆیان و پارتی و دەسەڵاتدارییەکەشیان کۆتایی دێت.

... حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی تەنیا ئەو سەرانەی دەقرتاند گە گەیی بوون. لە عیراقی ئەمڕۆدا، لەژێر سایەتی ڕژێمێکی خوێنخۆر و لە سەردەمی قاتوقڕی و گەمارۆی سەختدا، سەر فریای گەیین ناکەوێت و هەر بە کاڵی دەپەڕێنرێت. لە عیراقێکدا کە ڕۆژانە نمایشی بەرەو گۆڕستان بردنی تەرمی بچووکی منداڵان، لە بەردەم کامێرانی تەلەفزیۆندا، دەگێڕدرێت؛ هاوولاتی دەتوانێت بێشکەی منداڵەکەشی لەسەر شۆستەی شەقامەکان بۆ فرۆشتن دابنێت، بەڵام ناتوانێت بڵێت: "بۆچی دەیفرۆشێت!" ئەوەی ئەمڕۆ گەلانی عیراق دەیچننەوە، بەروبوومی دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتداریتیی پارتیی پێشڕەو و بنپێنانی مافەکانی مرۆڤ و بێدەنگیی ڕووناکبیرانە.

... لە یادی چلەی نیشتمانپەروەرە ئاوارەکانماندا حەیفی ئەوەدە دەخۆین، کە لە غەریبی سەریان نایەوە. دێڕێکی هاوبەشی وەسێتنامەی زۆربەمان ئەمەیە: "کە مردم، لاشەکەم بەرنەوە بۆ ولات." لە ژێرزەمینە زینداننئاساکانی ئەورووپاوە گریانمان دێ بۆ ئەو ولاتە شیرینەی بە زیندوویی نازانین چۆن خۆمان لە دەست دەسەڵاتدارەکانی دەرباز بکەین و بە مردوویش نامانەوێت لێی دوور بکەوینەوە.

... داری نەریتی (تیرۆری سیاسی) و (بێدەنگکردن)ی نەیاری فیکری بە دەمانچەی بێدەنگ، لە شەقامە قەرەباڵغەکانی شارەکاندا، وا خەریکە دێتە بەر. لە سایەی ئەو نەریتەوە، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر، ڕاستییەکان لە ژێر ڕەحمەتی فیشەکی دەمانچەی بێدەنگدان. جاران، دەمانچەی بێدەنگ لەبەر پشتوێنی (شەلاتییە شۆڕشگێڕەکان)دا بوو. ئەمڕۆ، ئەو دەمانچانانە بە ڕووتی بە دەستی دەسەڵاتدارانەوەن. پێشبڕکێیە لەسەر ئەوەی کێ زووتر لوولەی دەمانچە بێدەنگەکەی لە لاجانگی ڕاستییەکی ئەمڕۆ توند دەکات و بە پەلەپیتکەکەی مێژوویەکی سبەینێ بنووسێتەوە.

... لەو هۆڵەدا کە کامکارەکان هەنگوینی ڕۆحی کوردەواری دەچکێننە ناو زاری ئامادەبووانەوە، گەر دەرزییەک بکەوێتە سەر زەوی تەقەی دێت، کەچی لەو هۆڵەدا کە تەنافبازێکی سیاسیی، یان حیزبییەکی دەستخوێناوی، چەکوشی قسەی ڕیزکراوی بە ڕق و تۆڵەسەندنەوە زاخاودراو دەماڵێت بەسەر ئامادەبوواندا، هەست بە سێلاوی قورقوشمی تواوە دەکرێت، کە دەکرێت بە گەرووی گوێگراندا. هونەرمەندان دراوی قورس، سامان و زەخیرەی بەنرخی نەتەوەن، باڵوێزی ڕاستەقینە ئەوانن.

به یادی تۆ و هاوچەشنانت دەژی دڵمان.
**دەستەی نووسەران**

# ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان

ئاکۆ کەمال

فیلمێکی کوردییە لە نووسین و دەرهێنانی بەهمەن قوبادی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵاتی نێونەتەوەیی بە دەست هێنا و بۆ چەندان خەڵاتی تریش پێشنیار کرا. ئەم فیلمە کە یەکەمین بەرهەمی قوبادییە، بێگومان لە زۆر ولاتی «ئەوروپا، ئەمریکا، ڕوسیا.. تاد» جیهاندا و لەسەر شاشەی سینەما گەورەکاندا پیشان درا. جگە لەوەی کە بە پارەیەکی کەم بەرهەمهێنراوە توانای هونەرمەندیی دەرهێنەر پیشان دەدات.
دەرهێنەر خێزانێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کردووەتە پاڵەوانی شاکارەکەی. خێزانێک کە بریتییە لە چەند منداڵێک. لەبەر ئەوەی کە دایکیان بە نەخۆشی مردووە و بابیشیان لە کۆڵهێنان و بردندا لەسەر سنووری ئێران ـ عیراق مین کوشتویەتی. سەرەڕای ئەم هەموو چەرمەسەرییەش یەکێک لە منداڵەکان دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بووە.
بەکورتی خێزانێک کە داگیرکەر و سروشت و بەخت جگە لە نەهامەتی هیچی تری پێ نەبەخشیوە، بۆیە هەموو منداڵەکان، جگە لە نەخۆشەکە و خوشکێکی هەرزەکاری، کار دەکەن بۆ ئەوەی پارە کۆ بکەنەوە بۆ ڕزگارکردنی برا نەخۆشەکەیان. کار سەختە و هەقدەستیش کەم. لەو بەینەشدا داواکاری کچە هەرزەکارەکە دێن، گەرچی کچەکە زۆر منداڵە بەڵام خاڵوانی ڕازی دەبن کە بە شووی بدەن، بە مەرجێک ماڵی زاوا منداڵە نەخۆشەکە لەگەڵ بووکێدا ببەن بۆ دیوی عیراق ـ چونکە زاوا خەڵکی ئەودیوە ـ و بیبەنە لای دوکتۆر.



**بەهمەن قوبادی لە شاری هەولێر**

گەرچی ماڵی زاوا لە سەرەتادا بە مەرجەکە ڕازی دەبن، بەڵام کە بووکێ بە برا نەخۆشەکەیەوە دەگاتە سەر سنوور لە گفتی خۆیان پەشیمان



دەبنەوە و لەباتی ئەوە هێسترێک دەدەنە برایەکی تری بووکێ کە کاری پێ بکات!

ئەم فیلمە کە یەکەمین بەرهەمی قوبادییە، توانای هونەرمەندیی دەرهێنەر پیشان دەدات لە ڕووی تەکنیکەوە. هەندێک جار کامێراکە لە بەرزایی چاوی منداڵەکانەوە دیمەنەکان دەگرێت کە جوانییەکی تایبەت بە فلیمەکە دەدات.
هەڵبەت لە ڕووی سۆز و عاتیفەوە هیچ کەموکوڕییەکی نییە. بینەر لەو ڕووەوە تەواو دەهەژێنێت.

تەنیا گلەییەک کە هەبێت لەو فیلمە ئەوەیە کە گەلی کوردی لە ڕووی شارستانییەوە زۆر گەڕاندوەتە دواوە. لە شێوە و ڕێوڕەسمی بەشوودانی کچە هەرزەکارەکەدا، چونکە ئەو شێوە بەشوودانە ڕاستە لەڕابردوودا شتێکی باو بووە بەڵام ئێستا نازانم مابێت یان نا؟ خۆ ئەگەر مابێتیش ئەوا وەکوو باو نەماوە و بەڵکە تاک و تەرا لێرە و لەوێ ڕوو دەدات. جا دەرخستنی دیاردەییەکی دەگمەن، ئاوا بە زەقی لەسەر شاشەکانی دنیادا، بیرێکی باش لەلای بیانی لەسەر گەلی کورد دروست ناکات. لەبەر ئەوەیە کە دەسگای بڵاوکردنەوەی ولاتان، تەنانەت دیموکراسییەکانیش، ئەگەر ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی دیاردەی ناشارستانی لەسەر گەلەکەیان نەگرن، بەلای کەمەوە لە ڕووی ئابوورییەوە پشتگیری ناکەن. بێگومان دەشێت کە فیلمێک لەسەر دیاردەیەکی زۆر دەگمەن بکرێت، بەڵام ئاخۆ شتی تری دەگمەن و جوان لە کوردەواریدا کەمن؟ بۆ نموونە ڕەدوو لەلای مەنگور یان هەزاران شتی تری لەو بابەتە.
هیوادارم کە لە داهاتوودا بەهمەن بەو تەکنیکە جوانەی، لایەنی تری کۆمەڵگای کوردی پێشان بدات.

# لانەواز و کۆچەر

## دوو وەرزشکاری لێهاتوو . . . دوو نوێنەری کورد لە نیوزیلەندا

کاروان عەلی بچکۆڵ

ڕاستییەکی دڵخۆشکەری ئەم سەردەمەی کە ئێمەی تیا دەژین ئەوەیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مرۆڤ دوورتر دەکەوێتەوە لە خۆشەویستیی شەڕ و چیدی شەڕ بە پێوانەی بەهرەمەندی قەبووڵ ناکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە بەهرەی سێڤیلی مێشکی و وەرزشی و هونەری بازرگانی جێگایەکە دەگرنەوە و دەبنە بنەمای هەڵسەنگاندنی بەهرەی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی سەر ئەم گێتییە. هەربۆیەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بایەخی ڕۆشنبیران، وەرزشکاران، هونەرمەندان و بازرگانان زیاد دەکات وەک نوێنەری نوێی شارستانیەتە جیاوازەکان. لەم ڕووانگەیەوە بێ گومان بەهرەمەندانی کوردیش خاوەنی بایەخێکی لەکڕیننەهاتوون. هونەرمەند، ڕۆشنبیر، وەرزشکار و بازرگانی کورد نوێنەری ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد و سەروەتی زێڕینی کوردایەتین، جا لە هەر کونجێکی ئەم جیهانە بن. هەربۆیەش بە خۆشحاڵییەوە مژدەی دوو نوێنەری نوێی خوێنگەرم و بەهرەمەندی کوردتان پێ دەدەم لە دوورترین ولات لە کوردستانەوە. بەڵێ دوو برای ڕۆحسووک کە ڕۆڵەی قودسی کوردستان واتە کەرکووکی هەمیشە کوردن، بێ ئەوەی چاویان بە زێدی باوباپیرانیان کەوتبێت، دوو ئاڵای درەوشاوەی توانا و لێهاتوویی کوردن



لە ولاتی نیوزیلەنددا. ئەم دوو لاوە لە تاریکەشەوی زیندان و خۆپیشاندان و بێدەرامەتیی پاکستاندا بە پشتیوانی دایک و باوکی سەربەرزیان، توانیویانە شارەزاییەکی پتەو لە کیوکیشەن ـ کاراتەدا پەیدا بکەن. لانەواز بەختیار بەرزنجی، تەمەن ١٦ ساڵان، خاوەنی قایشی ڕەش و خەتێکە لە کاتێکدا کە برای بچووکی کۆچەر بەختیار، تەمەن ١٤ ساڵان، توانیوێتی تا ئێستا قایشی قاوەیی و خەتێک بە دەست بهێنێت و هەردوو براکە بەردەوام بەرەو ئاسۆی بەرزتر دەڕوانن کە تازەترین نموونەیان بەشداریکردن و سەرکەوتنیان بوو لە پێشبڕکێی کیوکیشن کاراتەی سەرتاسەری شاری ئۆکلاندی نیوزیلەندا کە ساڵانە ئەنجام دەدرێت. لە پێشبڕکێی ئەمساڵدا کە لە ٢٠٠١/٧/١ سازدرا لانەواز پلەی یەکەمی بە دەست هێنا لە وەزنی خۆیدا و کاسێکی قەشەنگی پێشکەش کرا. بە هەمان شێوە کۆچەریش پلەی دووەمی بە دەست هێنا لە وەزنی خۆیدا. ماوەتەوە بڵێین کە لاوی وەکوو لانەواز و کۆچەر نەک هەر ڕەمزی کۆڵنەدانی مرۆڤن بەڵکو چرای درەوشاوەی کۆمەڵگای کوردن و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە نەتەوەی ئێمەش لە ڕەوتی پێشکەوتنی جیهانی دانەبڕاوە و بەپێی ئەم پێوانە نوێیەی بەهرەمەندیی سێڤلیش، هەر پڕ چەکە.

نیوزیلەندا

Peyam
پەیام
http://home.bip.net/peyam
Email Addr:
peyam.peyam@virgin.net
ناونیشان: **Peyam,** PO BOX 16283, London W2 5ZR U.K.